خۆر یەت
وئەچێت

هەرکەسێک بڕوای وابێت خۆر جێگیرە ئەوکەسە کافرەبێت



نووسە : مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری
(الله تعالی بیپارێزێت)

ئامادەکردنی : الحق | ڕاستی

خۆر یــەت وئەچێت هەركەسـێك بڕوای وابێت خۆر جێگیرە ئەوكــەسە كافرەبێت

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری دەفەرمووێت الله تعـالی بیپارێزێت : لەپاش ئەوەی ڕوونم كردەوە بـابەتی زەوی ئایا خڕە یـان تەختە وتەی زانایـانمان هێنایەوە كەبـۆچونی دروست ئەوەیـە تەختە بــەڵام ئەوەشی بڵێت گۆیی وخڕە (نەتەكفیرئەكــرێت نەتبدیع) چونكــە بابەتەكە خیلافـی تێدایە لەنێوان زانایـان وەبابەتی ئیجتهادی وخیلافی تەكفـیر و تبدیع ـی لەسەر دانامەزرێت

بــــــــەڵام بابەتی ئەوكەسەی بڵێت خۆر جێگیرە وناجوڵێت ئەم قسە بە درۆدانان وبڕوانەهێنانە بـەدەیـان ئایەت وفەرموودەی صەحیح بـۆیە دووشت جیابكەنەوە "بابەتی زەوی تەختە یان گۆێیە بـابەتێكی عەقیدەی نیـە" بەڵام "بابەتی خۆر بابەتێكی عەقـیدەییە" كەئەگەر ئیمانت وابێت خۆر جێگیر وچەسپاوە وناجوڵێت ئـەوا كافرەبیت بەكوفرێكــ كە لەئیسلام دەرت ئـــەكـات.

شێخ محمد بن ابراهیم ال الشیخ لە فتاوی ـەكەیدا هاتوە بەژمارە 4457 (القول بأن الشمس واقفة من أبطل الباطل) وتنی خۆر وەستاوە وجێگیرە ئەم قسەیە لە باطلترین ـی قسەكانە.

وه لەفەتوای ژمارە (4458) ئەفـەرموێت : (الذي يقول أن الشمس لا تجري كافر كفر ينقل عن الملة لمخالفته القرآن)

واتـــە : ئەوکەسەی بڵێت خۆر هاتووچۆ ناکــات کافرە بەکوفرێک لەمیلەت ـی ئیسلام دەری ئەکات بەهۆی پێچەوانەبونی ئەوقسەیە بۆقورئان. [فتاوی 3699]

کەواتا هۆکاری کافربوونی ئەوکەسە چیە کەئەڵێت خۆر وەستاوە وهاتووچۆ ناکات؟ هۆکاری کافربونەکەی تکذیب کردن ـی ئەوەدەقانەی کتاب وسونەتە کەلەبارەی هاتووچۆی خۆرەوە هاتوە.

هەندێ لەوبەڵگانەی لەسەر هاتووچۆی خۆرباسـکراوە لەکتاب وسونەت

قال الله تعالـى : وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرّٖ لَّهَاۚ ٣٨ [سـورة يس]

خۆر کە بەردەوام یەت و ئەچێ بەئاڕاستەی دیاریکراوی خۆی تا کاتی وەستان ـی لەکاتی کۆتای هاتنی جیهان .

ئیمام ـی بوخاری گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ بەئەبو ذەری فەرموو کاتێ کەخۆر ئاوا بـوو فەرمووی : (أتدري أين تذهب) ئەزانیت خۆر بۆکوێ ئەچێت ؟

ئەبوذەر فەرمووی الله وپێغەمبەرەکەی ﷺ زاناترن پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :

فإنها تذهب حتى تسجد تحت العرش فتستأذن فيؤذن لها ويوشك أن تسجد فلا يقبل منها وتستأذن فلا يؤذن لها يقال لها ارجعي من حيث جئت فتطلع من مغربها فذلك قوله تعالى والشمس تجري لمستقر لها ذلك تقدير العزيز العليم"وَيُقَال لَهَا اِرْجِعِي مِنْ حَيْثُ جِئْت فَتَطْلُع مِنْ مَغْرِبهَا

واتـــە : خۆر ئەچێت تاسوجدە ئەبـات لەژێر عەرش مۆڵەت ئەخوازێ لەالله تعالى بۆ هەڵهاتنەوە وەالله تعالى ـش مۆڵەتی ئەیاتێ دووبارە خۆر هەڵ یەتەوە تاكـاتی دیاریكراوی نزیک ئەبێتەوە (كاتێ خۆر ئاوائەبێت) خۆرئەچێت سوجدە ببات نەسوجدەكەی لێ قبوڵ ئەكرێت نەمۆڵەتیشی پێ ئەدرێت لەخۆرهەڵاتەوە هەڵ بێتەوە بەڵـكوو پێی ئەوترێ لەكوێوە هاتوویت لەوێوە بگەڕێوە ئالەوكاتەدا خۆر لەخۆرئاواوە هەڵ یەتەوەئاەمەش واتای ئـایەتی الله تعالى ـە كەفەرمووی :

وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرّٖ لَّهَاۚ ﴿٣٨﴾

ئیمام ـی ابن كثير لەتەفسیری ئەو ئایەتە ئەفەرمویٚ ڕیوایەت كراوە لە عبد الله ـی كوڕی عمرو فەرموویەتی : (والشمس تجري لا مستقر لها) واتا نەوەستان ـی بۆهەیە نەجێگربوون بەڵكو شەو ڕۆژ بە ئاڕاستەی خۆی دێت وئەچێت نە ئەوەستێت نەماندوو ئەبێت (تاكاتی لەكاركەوتنی واتا ناوەستێت تارۆژی قیامەت

ئەوکـاتەش ئەوەیە کە الله ئەفەرموێت : ﴿إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ ١﴾ [سـورة التكوير]

کاتێ خۆر پێچرایەوەو تاریک بوو.

قال تعالى : ﴿وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ ٢﴾ [سـورة الرعد]

و خۆرو مانگیشی ڕامکرد و هەردووکیشیان تا ئەوکاتەی بۆیان دیارییکراوە کە کاتی تیاچوونی ئەم دونیایەیە لە خولگەی خۆیاندا هەر دێن و دەچن،

الله تعالى باسی گفتوگۆی نێوان ابراهیم علیه السلام وطاغوتەکەی سەردەمـ ی ابراهیم ئەکـات کە ابراهیم علیه السلام پێی فەرموو پەروەردگارم خۆر لەخۆرهەڵاتەوە ئەهێنێت :

﴿قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأۡتِي بِٱلشَّمۡسِ مِنَ ٱلۡمَشۡرِقِ فَأۡتِ بِهَا مِنَ ٱلۡمَغۡرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِي كَفَرَۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٢٥٨﴾ [سـورة البقرة]

ابراهیم فەرمووی دەی باشە الله تعالى لەخۆرهەڵاتەوە خۆر دێنێ تۆ کەئەڵێی من خوام دەی لەخۆرئاواوە خۆر بێنەوە ئیتر ئەوستەمکارو بێ باوەڕەیە حەپەساو نقەی لێبڕاو وەڵامی نەماو بوو بەقسەی خۆیەوە.

کەواتا ئەمە عەقیدەی پێغەمبەران خۆر دێت وئەڕوات

ئیمام ـی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە رسول الله ﷺ فەرموویەتی:

إن الشمس لم تحبس لبشر إلا ليوشع عليه السلام ليالي سار إلى بيت المقدس.

خۆر ڕانەوەستێراوە بۆهیچ مرۆڤێک تەنها بۆ یوشع علیه السلام نەبێت ئەوکاتەی کەویست ـی فەتح ـی بیت المقدس بکات خەریک بوو خۆر ئاوابێت (وەڕۆژەکەش هەینی بوو خۆرئاوا بایە ئەوا ئەچوە ناو ڕۆژی شەممەوە وە لەدین ـی یوشع جەنگکردن لەشەممەدا حەرام بوو داوای لە الله کرد کەخۆر ڕابگرێت بۆیـە الله تعالى خۆرەکەی بۆڕاگرت) [إسناده على شرط البخاري]

کەواتــا خۆر بەردەوام هاتوو چۆئەکات وەخۆر جێگیرنیـە

وەزۆر بەڵگەی تریش ئەوەندە کافیە ان شاء الله تعالى کەواتا ئەم بابەتەیان بابەتێکی عەقیدەییە وەئەوکەسەی بڵێت خۆرجێگیروچەسپاوە ئەگەر جاهل بێت بەوبەڵگانە وتەفسیرەکان ـی ئەوا فێرئەکرێت گەر ملکەچ نەبێت حوکم ـی بەسەرا ئەدرێت

ڕوونکردنەوە (ناســا) ئەڵێت خۆر لەشوێن خۆی جێگیرە بەدەوری خۆی ئەخولێتەوە بەڵام قورئان وسونەت باس ئەوە ئەکـات کەخۆر دێت وئــــەچێت

وهاتووچۆ ئــەکــات نەک چەقبەستووبێت لەشوێن خۆیدا چونکە ئەودلیلانەی باسمکردوە بۆ هاتووچۆی خۆرە نەک خولانەوەی بەدەوری خۆی لەشوێنی خۆیــدا

وەناسا ئەڵێت (شەو ڕۆژ لەئەنجامی هاتن ورۆشتنی زەوی بەدەوری خۆر دروستەبێت بەڵام قورئان سونەت ئەفەرموون لەئەنجامی هاتن ورۆشتنی خۆر شەو ڕۆژ دروستەبێت)

الحمد لله رب العالمين

وصلى الله على نبينا محمد وعلى الــه واصحابــه اجمــعين